# زۆڵەکان و بیژییەکان لەنێوان گەندەڵیی و دەنگداندا!

خەتاب سابیر
khatabs@hotmail.com
12-12-2005

پێمخۆش نەبوو لەسەر دەنگدانی خەڵکی کوردستان بۆ عێراقی عروبەچییەتی و عێراقی فیدراڵیی قسە بکەم، بەلام هەندێ جار مرۆڤ دەکەوێتە هەلومەرجێکەوە کە ناچار دەبێ قسەی خۆی بکات. رزگار عومەر وەک یەکێک لەستافی سایتی دەنگەکان ئەم ئەرکەی کردە ئەستۆم ، بەنووسینی ( دەنگێک بۆ 730 لەمیدیای ئەلیکترۆنیدا ! ) لە سایتی دەنگەکاندا ( 12-12-2005 ). بۆچوونەکانی رزگار عومەر زۆر وردو سەرنجڕاکێشە بەلآم خوێنەری تینوو دەباتە سەر کانیاوێکی شیرین و دەمیشی تەڕناکات ! ئەو نووسینە هانیدام ئەم چەند سەرنجە بدەم لەسەر هەڵبژاردن و بەحەزیشەوە خولیای ئەوەبووم کە هەندێ بۆچوون بەکورتیی تاوتوێ بکەم لەمەڕ هەڵبژاردن و گەندەڵییەکانی کوردستاندا.

سەرەتا، بەپێی پێوانە کلاسیکییەکانی هاوپەیمانیی کوردستان، بۆچیی دەبێت تاکی کورد لەنێوان دوو رێیانێکدا دابنرێ ئەگەر دەنگ بدات بەلیستی 730 ، ئەوە گومان لەسەری نییە کە کەسێکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەرو دڵسۆزە بۆ نەتەوەکەی ، بۆ کوردستان و بۆ قوربانییەکانی دەیان ساڵی بزووتنەوەی سیاسیی و چەکداریی گەلی کوردستان؟ پێچەوانەکەیشی زۆڵ و بیژیین ، دەنگدەران بن یان لیستەکانی دەرەوەی هاوپەیمانیی کوردسستان؟

تاکی کورد ، دەنگ بەچیی بدات!، ئاخر هەر ئەو لیستانەی ئێستا کەفوکوڵیان هەڵساوە و بانگەوازی خەڵک دەکەن بۆ دەنگدان، خۆیان فایلی فایلدارەکانی ناو ریزەکانی خۆیان ئاشکراکرد، کەچیی هەمان فایلڕەشان ئێستا سنگ دەردەپەڕێنن و داوای دەنگ لەخەڵک دەکەن. دەنگدەر بۆچیی بۆی نەبێت لەخۆی بپرسێ ، ئەوە گاڵتە بوو ، درۆ بوو، سیناریۆی حیزبیی بوو، فایلدارەکان لابران و هێنرانەوە پێشەوە ؟

تاکی کوردیی بەئاگا، چۆن بیری بچێتەوە کاتێ کوردێک بوو بەسەرۆکی عێراق، کوردەکانی مەهابادو دیاربەکرو قامیشلۆ خرۆشان لە خۆشییدا، کەچیی هەمان سەرکردە گاڵتەو سووکایەتی بەهەموو ئەوانە دەکات کە داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەکەن، بەکەرکوکییە بێدەرەتانەکان دەڵێت "خائین" کەلە بەر بێ گوزەرانیی دەگەڕێنەوە، لەکاتێکدا زۆربەی بەرپرسەکانی یەکێتیی، ئێواران لەکەرکوکەوە دەگەڕێنەوە سلێمانیی و ناوچەکانی ترو ئامادەنین شەوێک لەکەرکوکدا ،بەماڵومنداڵەوە هەڵبکەن، ئەوە ئەگەر ماڵ و منداڵەکانیان لەکوردستانیش بن .

ئازادییخوازانی کورد ، چۆن تووشی شۆک نەبن ، لەکاتێکدا فایلڕەشەکان و بەعسییەکان و سەرکردەی جاشەکان ، ببنە بڵندگۆی کەمپەینی هەڵبژاردن بۆ لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، کەچیی هەر ئەم فایلڕەشانە داوا لەسەر د.کەمال سەیید قادر تۆماردەکەن لەدادگا کاریکاتۆرییەکانی کوردستانداو بۆ پتر لە 50 رۆژە بێسەروشوێن کراوە . دەسەڵاتێکی کوردیی ، کەنەتوانێ بەرگەی چەند رەخنەو نووسینێکی رەقی د.کەمال بگرێت، تا ئێستا پارێزەرێک نەچووبێتە لای، چۆن دەبێ چاوەڕوانی ئەوە نەکات ، کە لای کەم دەیان هەزار دەنگ نەدۆڕێنێ؟

## گەندەڵیی و دەنگدان

تاکی وریای کورد ،گەنجی کورد دەنگ بەکێ بدات ، بەو کۆنتراکچییانەی کە لەسەر شێوازی مافیای ماددە سرکەرەکان سەرمایە کەڵەکە دەکەن، لەسەر پشتی ئەنفالکراوەکان و گەرمیانییەکان و کەرکوکییەکان و بارزانییەکانەوە بازرگانیی دەکەن و کۆمپانیاکانیان قەبەتر

دەکەن. کیژۆلاوی کورد دەنگ بە ئەو سەرکردانە بدەن کە بیلیۆن دۆلارەکانیان و بانکە بێئەژمارەکانیان زێتر بەگەڕ بخەن و سەرمایەی زێتر بەرهەم بهێنن.

ئەو گەندەڵییەی لەکوردستان و لەناو پێڕی سیاسییەکانی کورددا هەیە، ئەستەمە لە هیچ کونوکەلەبەرێکی ئەم دنیایەدا نموونەیەکی لێ بدۆزرێتەوە. هیچ نەتەوەیەکی ژێر دەست نەبووە لە " قۆناغی رزگاریی نیشتمانیی " [1] وە بگات بەدەسەڵاتێکی سیاسیی لۆکاڵ و زۆربەی هەرە زۆری سەرکردە سیاسییەکانی دزو کۆنتراکچیی و بازرگانی نێودەوڵەتیی دەربچن لە چەند ساڵێکدا. یەکێک لە لێکۆڵینەوە نوێکانی لەمەڕ گەندەڵیی میلیشیاو رژێمە تۆتالیتارییەکان کراوە پڕ بەپێستی سەرکردایەتی سیاسیی کوردە، ئەو لێکۆڵینەوەیە، بەئەو جۆرە سیستەمانە و ئەو جۆرە لە شێوازی بودجەدان و خەرجکردن دەڵێت " پۆلێن دەکرێن لە ژێر کۆمەڵێک سەردێڕی دوومۆدییدا ( Bimodal ) " { Burnell 1998, p.10 } .

ئەم دوو مۆدیی و دوو فۆرمییەی بودجەو حەواڵەو گەواڵەیەی لە کوردستاندا هەیە ، نموونەیەکی سامناکە لە تانوپۆی گەندەڵیی کە بە رەگوریشاڵی تاک تاکی دەسەڵاتی سیاسیی کورددا داچۆڕاوەتە خوارەوە. ئەو نادادپەروەرییەی لە کوردستاندا پێڕۆ دەکرێ لەنێوان پیاوانی دەسەڵات و خەڵکی خاکیی کوردستاندا ئەوەندە زۆرە کە ئەستەمە پێوانەی ئەو قەڵشتە گەورەیە بکرێ. زۆربەی پێشمەرگەو کەسوکاری پێشمەرگە و قوربانییانی ئەنفال و زیندانییانی سیاسیی و زۆربەی ئەوانەی دژی دەسەڵاتی بەعس تێدەکۆشان ، لەژیانێکی ئەوەندە سادەدان کە بەراورد ناکرێت بەژیانی هایلایفی گرووپێکی کەمی سەرکردایەتی سیاسیی کورد کەوەک مافیا دەستیان گرتووە بەسەر شادەمارەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکداو وەک مرە لێی دەڵەوەڕێن .

Mark Findlay ، زۆر بەجوانیی و وردیی ئەو جۆرە سیستەم و کۆمەڵگە سیاسیی و ئیڵیتە سیاسییانە دەداتە بەر شیکردنەوە. ئەو پێی وایە ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەرژەوەندیی تاکەکانی لەبەرچاو نەگرێ و بەرژەوەندیی کەڵەگاکانی ناو دنیای سیاسەت لەسەر هەموو شتێکەوە دابنێ ، یاخوود ئەو کۆمەڵگە سیاسییانەی کە یاسا دەچەمێننەوە بۆ ئارەزووی چڵێس و زۆرترکردنی سامانی دەوڵەمەندەکانی و بەهێزکردنی کوتەک و ئاسنی دەستی تاکە بەهێزەکانی دەسەڵات ، هەمیشە دەرگاکانی کراوەیە بۆ تالانچییەتیی و کەڵەکەکردنی بێسەروبەری سەرمایەو گەندەڵیی ئیداریی و سیاسیی ( Findlay 1999 , 150 ) .

بەم پێودانگە سیاسییانە بێت ، زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی کورد مشەخۆر و تەوەزەلن و بە کەڵەگایی و بە زەبری میلیشیا دەستیان گرتووە بەسەر ویست و خواست و توانایییەکانی گەلی کورددا، فەلسەفەی زۆربەی ئەم پێڕە سیاسییە لە راپەڕینەوە تا رووخانی بەعس ، جگە لە خۆدەوڵەمەندکردن و دزین و بەتالانبردنی سامانی گشتیی ، هیچ حیکمەتێکی سیاسیی و یاساییان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە پێ نەبووە.

بەداخەوە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد ، یان بەواتا خۆماڵییەکەی "کوردستانییان" ی دەسەڵاتداران کە لافوگەزاف لێدەدن بۆ بانگەشەکردن و سەرخستنی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان ، جگە لەگەڕانەوە بۆ رۆژە سەختەکان! و شەهیدە نەمرەکان !و قوربانییەکان ، شتێکی تری ئەوتۆیان پێ نییە!. ژماردنی پاتە دڕاوەکان و پوزەوانە موسەنەکاوییەکان ، خواردنی دەیان هەزار لەپەی ساوەر دەکەنە سیمبوڵی رۆژە سەختەکان ، ئەو ساتانەی تەنها ئەوان لەبەرامبەر بەعسدا مابوون و دەستکراوە بوون ، دەکەن بە چەکێکی یاسایی بۆ درێژەدانی قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسیی! . چواردە ساڵە نەتوانرا کارەبا دابین بکرێ، بەلام توانرا چەندین بیلیۆن دۆلار مۆڵبکرێ بۆ گیرفانی هەندێ سەرکردەی سیاسیی ! لەسەر کەللەسەری دەیان هەزار قوربانیی شەڕێ نێوخۆ.

ماوەیەکی زۆرە ، گەلی کورد چاوەڕێی خزمەتگوزارییە، دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان ، کەمترین خزمەتیان بە خەڵک بەگشتیی و بەگەنجان نەکردووە، ئاخر ئێستا هیچیان نییە شانازی پێوە بکەن لەپرۆژە و کارە خزمەتگوزارییەکانیاندا ، دەچن پەنا دەبەنەوە بۆ کولتووری شاخ، شتێکی زۆر ناقۆڵا کە بزوتنەوەی نەتەوەیی پێوەی دەنازێ ئەوەیە، گوایە ئەم بارودۆخە بەخوێنێ شەهیدانی کوردستان

---

[1] – تێرمێکی سیاسیی بوو لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ، لێکدانەوەی ناو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستان بوو.

هاتووەتە دیی . ئەمە کەمێک ڕاستیی تێدایە ، بەلام گەورەترین درۆیشی لەپشتەوەیە. ئەوەی کە ئێستا لەکوردستاندا، ینک و پدک دەسەلاتدارن ، بەرهەمی تێکشکاندنی دەوڵەتی بەعس و هاتنی ئەمێریکایە بۆ ناوچەکە نەک خەباتی دزین و کەڵەکەکردنی سامانی گەلی کوردستان و بردنی پارەی گومرکەکان . باشترین فاکتیش بۆ ئەمە ، ئەگەر ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەبەهاری 1991 دا بەتەواوەتیش تێک بشکێنرایەو هێزە کوردییەکان بچوونایەتەوە سەر سنوورەکان و ناو ئێرانیشەوە ، ئێستا هەروەک شیعەکان و عەلاویی و چەلەبیی دەگەڕانەوە بۆ سەر کورسی دەسەڵات .

## بایکۆتکردنی دەنگدان : زیانەکانی و سوودەکانی

لەراستیدا هەڵبژاردنی ناوەڕاستی دێسەمبەری 2005 ، پێشوەخت ئارایشتکردنی سیناریۆکانی ئەمێریکایە لەناوچەکەدا ، بەهەر نرخێکی سیاسیی و مرۆیی تەواو بێت ، دەبێت بکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەم تا زۆر ڕێژەی دەنگدان لە قازانجی ئەو هێزانەیە کەبەشداریی پرۆسەکە دەکەن. عەرەبی سوننە ، گەورەترین هەڵەی سیاسیی کرد کە بەشداری هەڵبژاردنی سەرەتای ئەمساڵی نەکرد، بەلام پەندی لێوەرگرت و بەقورسایییەکی زۆرەوە دادەبەزێ و سەرجەم هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق سەرلەنوێ دەشڵەقێنێتەوە.

عێراق وەک دوو نەتەوەی سەرەکیی ، عەرەب زۆرترینی پێک دەهێنێت ، بەلام عەرەب بەزۆرینەی پێکهاتە سیاسیی و کۆمەلایەتیی و مەزهەبیی و کولتوورییەکانییەوە بەشداریی هەڵبژاردن دەکات. تەنانەت لەئەنجامی هەڵەی بایکۆتکردنی 11 مانگ لەمەوبەریان، ئیسلامییە تەکفیرییەکانیش بێدەنگن ( بەشدارییکردن بە دەستیان نییەو بە دڵیانە ) . هەرچیی کوردە، زۆرترین حیزبە سیاسییە سەرەکییەکانی لەژێر چەتری هاوپەیمانیی کوردستاندا کۆبوونەتەوە .یەکگرتووی ئیسلامیی و پارتی چارەسەری دیموکراتیی کوردستانیش وەک دوو لیستی زۆڵ و بیژیی دابەزیون.

زۆرینەی ئەوانەی لەگەڵ دەنگداندا نین یان نەتەوەییە زۆر توندڕۆکانن ، یان چەپ و کۆمۆنیستەکانن، دیارە کەسانێکی زۆر وەک تاک ، هەڵوێستی تایبەتیی خۆیان بە دەنگنەدان دەردەبڕن کە بێزارن لە دەسەڵاتی سیاسیی کورد ! بۆ وردبوونەوە لەم دوو ڕەوتە جیاوازە کە هەندێ بۆچوون و لێکدانەوە هەڵدەگرێ، پێویست بەڕاوەستانێکی کورت دەکات.

کوردستانییانی توندڕۆ، پێیان وایە خیانەتێکی گەورەی نەتەوەییە ، دەنگ بە عێراقی عروبە بدرێت و وڵاتی هەڵوەشاوەی عێراق دروستبکرێتەوە، ئەمانە زیاتر بەشوێن پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستانەوەن و پێشهاتە سیاسیی و ڕووداوە ناوخۆیی و ناوچەییەکان کەمتر لەبەرچاو دەگرن. ئەمانە ڕەوتێکی بەربلاون و هێڵێکی سیاسیی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە. یەکێک لەو بیانووە نازدارانەی ئەمان دەستیان پێوە گرتووە، ئاکادیمیستێکی وەک د.بورهان یاسین زۆرجوان ئاماژەی پێداوە و دەڵێ " عێراقیش بەدەست نەهێنین – کوردستانیش لەدەست بدەین" [2].

کوردستانییانی باشووری کوردستان ، پرۆژەیەکی سەربەخۆو پلانێکی لۆژیکداریان پێ نییە کەبتوانن دەنگدەری کورد بهێننە سەر ئەو ڕایەی کە نەچن بۆ دەنگدان. زیاتر دروشم و وتارەکانیان لەچوارچێوەیەکی خەمخۆریی و پەرۆشییەکی بێ ئەندازەوە سەرچاوە دەگرێ و تەنها بانگەوازی بایکۆتکردنی دەنگدان دەکەن و ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو ناخەنە بەردەست و دیدی دەنگدەرانی کوردەوە.

ڕەوتی دووەم و بەرچاوی بایکۆتکەران، تێکەولێکەی چەپی جۆراوجۆرە. سەرەتا ئەوە بگوترێ ئەو چەپەی کە بەشیرەشیرێ، بانگەوازی ریفەڕەندەم( ریفڕاندۆم ) و سەربەخۆیی کوردستان دەکات، جگە لە چنینەوەو دۆزەکردن بۆ هەندێ خاڵی سیاسیی نەبێ ، هیچ هێزێکی نییەو بەژمارەو بەنمرە ناگەنە چەند سەد کەسێک و لەیەک ڕستەی کوردتدا "پایەی کۆمەلایەتییان سفرە" . مەسەلەکەش زۆر ڕوون و ئاشکرایە ، چونکە ڕاستگۆ نین لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا، ددان نانێن بەکوردستانییەتی شاری کەرکوکدا،سنووری سیاسیی و جووگرافیی

---

[2] _ د.بورهان یاسین وەک کەسێکی سەربەخۆ و ئاکادیمیستێکی کورد لە سیمینارێکدا لە 12-12- 2005 لە ژووری کوردستان یونایتیددا، ئەو دەربڕینەی بەکارهێنا ، دیارە مەرج نییە د.بورهان ، وەک ئەو ڕەوتە نەتەوەییە بیربکاتەوە.

کوردستان ناسەلمێنن و تەنانەن کەمترین تێگەیشتنیان لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی ( National Identity ) گەلی کورد نییەو سووکایەتی بەئالآی کوردستان دەکەن و لەبچووکترین ئازارەکانی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی ژێردەست تێناگەن یان لەباشترین هەلومەرجدا دەیانەوێ خۆیانی لێ هێڕ بکەن.

بەشێکی تری ئەو چەپە زۆر پەرشوبڵاوە لە پرتەو بۆڵەو نازونووزکردن ، رەخنە، بێ ئەڵتەرناتیڤیی زێتر شتێکی ئەوتۆی تری پێ نییە. راستە لەنێو ئەم چەپەدا دەیان کەسی تێکۆشەر و سیاسیی و نووسەر و خەڵکی دڵسۆز بە خواستە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستانیان تێدایە،بەلام لەبەر پەرتوبڵاویی خۆی ،هیچ رۆڵێکی ئەوتۆی پێ نابینرێ . لێرەدا بەئاشکرا دەردەکەوێ ، ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتداری کوردیی کە تینووی دەسەلآت و سامان و پلەپایەی ناو دەوڵەتی عێراقە بەتووندی و بەهەموو هێزێکییەوە بەشداریی دەکات. هاوکات ئیسلامییەکانیش وەک زیرەکترین و لێهاتووترین رەوتی سیاسیی کوردستان ، خەریکە ببنە مژۆکی هەموو ئەو بێزاریی و پەستیی و تووڕەبوونە جەماوەرییە بەرفراوانەی کە هەیە.

بەشی بەرچاوی چەپ و سیکۆێلارو لیبراڵەکانی کوردستان کە بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن، لە بەرچاوڕۆشنییانەوە نییە ، ئەوەندەی لەوە دەترسێن کە هێزیان نییە و پێگەی کۆمەڵایەتییان نییە. ئەمە راستییەکی تاڵەو خۆدزینەوە لێی بە درۆیەکی سیاسیی گەورە بۆ دیرۆکی چەپ دەنووسرێتەوە. بەئەفسووسەوە هیچ رەوتێکی فیکریی و سیاسیی وەک چەپەکان نەبوونەتە ئاردی ناو درک ، کەس گوێ لەکەس ناگرێ، هەرکەسەو خۆی پێ تێۆرییزانێکەو نەگوێ لەکەس دەگرێ و نەکەسیش گوێی لێ دەگرێ.

بەکورتییەکەی ، لەدوایین ساتەکانی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردندا، زەرەرمەندترین لایەن و رەوتەفیکرییەکان ، چەپەکان دەبن، بەرەی ئازادیخوازیی و پێشکەوتووخوازیی دەبێت. کۆکتێلی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی و شۆڤێنیزمی عەرەبیی و تەواوی باڵە جیاوازەکانی ئیسلامیی، بەشیعەو سوننەوە ، بەئیسلامیی عەرەبیی و کوردییەوە، هەموویان سوودمەند دەبن ، تەنها خواستی سەربەخۆیی گەلی کورد نەبێ لەگۆڕ دەنرێت ، لای کەم لە هەنووکەدا. بردنەوەی لیستی 730 ئەگەر سوودێکیشی بۆ کورد هەبێ، پێش هەموو شتێک گرەوکردنێکە لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی نێوان ینک و پدک ، خۆهەڵدانی پدک و ینک، ئەوەندەی بۆ کورسیی دەسەڵاتە ، یەک لەسەر دەی ئەوەش بیر لەگەڕانەوەی کەرکوک و سەربەخۆیی کوردستان و دوورکەوتنە لە دنیای عەرەب و عێراقی عەرەبیی نییە.

چەپەکان ، ئازایخوازانی سیکۆیلار ،ئەوانەی نایانەوێت ، یەکگرتووی ئیسلامیی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ سەدان ساڵ بۆ دواوە بگێڕێتەوەو هەلپەرستانە دەنگی بێزاری خەڵکی کوردستان کۆبکاتەوە، هەموو ئەوانەی لە 14 ساڵی رابردوودا لە دەسەلاتی سیاسیی کورد بەگاڵەهاتوونەو نایانەوێ دەنگ بەدزو چەتەو مافیاکانی کوردستان بدەن و دژی دروست بوونەوەی عودەییەکانی کوردستانن و لەهەمان کاتیشدا دڵیان ژان دەکات بەسەرکەوتنی لیستی شوڤێنیستەکانی عەرەب و تورانییەکان و ئیسلامییەکان ، جێی خۆیەتی بیر لە ئاڵتەرناتیڤێک بکەنەوە. بێگومان بێدەنگیی و دەنگنەدان و فۆرمی سپیی وەلآمێکی کارا نابێت،دەنگدانیش بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، زێتر ئەو لیستە بوغرا دەکات بۆ ملهوریی و گەندەڵیی و ساتوسەودا بە چارەنووسی سیاسیی کوردستانەوە . هاوکات خنکاندنی هەموو دەنگێکی ئۆپۆزیسیۆنیشە و برەودانە بە لۆژێکی تۆتالیتارییانەی دەسەڵاتی سیاسیی و دروستنەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارایە لە داهاتووی نزیک و دووردا .

لەهەنووکەشدا ، لەنێوان باش و باشتر و باشتریندا لەلایەک و خراپ و خراپتر و خراپتریندا ، تەنها ئالتەرناتیڤیکی کەمێک باش هەبێت ، لیستی 779 یە، لیستی پارتی چارەسەری دیموکراتیی کوردستانە. سکرتێری ئەم حیزبە ، بە ئەندازەی هەموو سەرکردایەتی سیاسیی کورد پاک و رابردوو خاوێنە ، بەرنامەی ئەم حیزبە سەرەڕای هەر کەموکوڕییەک لە هەموو لیستە کوردییەکانی تر باشترە، مافەکانی ژنان و گەنجان و منداڵان و مافە دیموکراتیی و ئازادییەکان لەچاو لیستەکانی تر زێتر تێدایە. لەهەموو شتێک گرنگتریش ،دەنگی تاکی کورد بەئەژمارد دێت و بەفیڕۆ ناچێت وەک ئەوەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان پرۆپاگەندەی بۆ دەکات.

ئەگەر دەنگنەدان و فۆرمی سپیی ، ئاسوودەیی ویژدانی زۆر کەس بێت، بۆچیی دەنگدان بە لیستی پارتی چارەسەری دیموکراتیی کوردستان ، پەیامێک نەبێت بۆ گەندەڵییەکانی پارتیی و یەکێتیی و تیرۆریزمی ئیسلامیی و شۆڤێنیزمی عەرەبیی و تورانییەکان !. چەند

گرنگە پەیامی بێزاریی خەڵکی کوردستان بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بگات، سەد ئەوەندەش گرنگە رێگە نەدرێت پرۆژە ئیسلامیی و عروبەچییەتییەکەی خوێندکارەکانی حەسەنلبەنا و سەید قوتب لەکوردستاندا سەربگرێت و پێویستە بەزمانێکی مۆدێرن ریسوابکرێن و پێیان بگوترێ ، ئێوە هەرچییەک بن ، نابنە ئاڵتەرناتیڤ بۆ گەلێک کە بەسەدان ساڵ بەدەست ئیسلامیزەکردن و تەعریبەوە ناڵاندبێتی ، نابنە ئاڵتەرناتیڤ بۆ گەلێک هەنگاو بۆ سەربەخۆیی یەکجاریی بنێت.

## ریفرێنسەکان:


1- Burnell , P . 1998 , 'Introduction: money and politics in emerging democracies', in Burnell Peter and Ware Alan (eds), *Funding Democratization*, Manchester University Press, Manchester.

2- Findlay, M. 1999 , *The Globalisation of Crime: Understanding Transitional Relationships in Context*, Cambridge University Press, Cambridge .